رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-6-2007 19:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تورکیا بەرەو کودەتای سەربازی یان گۆڕان بە ڕەنگی سەردەم ... مەهدی کاوانی

ئایا تورکیا دەتوانێ هەتا سەر لە ناو ئایندەیەکی نادیاری چەند سەرە بژیت. بەڕاستی نەمانی شەڕی ساردی رۆژهەلآت و رۆژئاوا باجەکەی بە سەر تورکیا کەوتەوە.



چونکە تا شەڕی سارد هەبوو تورکیا لە لایەن رۆژئاواوە دەخوێندرایەوەو لە تەواوی رۆژهەلآتی ناوەڕاست لە پاش ئیسرایل بە هێزترین دەولەت بوو. مەبەستم لەوە نیە ئەوە بلێم هاتنەخوارەوەی وەزنی تورکیا بەشە هەرە زۆرەکەی لە بەر ئەوەبێت کە رۆژئاوا بە نەمانی بلۆکی رۆژهەلآت ئەو گرنگەی جارانیان نەدەدا پێی. نەمانی شەڕی ساردو تەعامول کردنی ئەمەریکا وەک تاکە قوتبی جیهانی دەست رۆیشتوو، هاوکێشەجیهانیەکان بە دوایەوە بە ستونیوی وتەریبی گۆڕانی هەمەلایەنانەی بەسەرهات. هەربابایە دەولەت وناوچەکان خەریکی دوبارە خۆ ریکخستنەوەی تر بوون. ئەوروپا پرۆسیسی یەکیەتی ئەوروپی و دراوی ئەوروپی خێرا تر کرد. کە حلفی وارشۆ هەلوەشایەوە، حلفی ئەتلەسی ئێستاشی لە گەلدابێ ئەو گرنگیەی جارانی نەما. لە کاتی شەڕی سارد ئەوروپاو ئەمەریکا لە گەل یەکتری زۆر یەکگرتوو بوون. بەلآم دواتر هەر یەکەیەو خەریکی وەزعی خۆیەتی. روسیای پاش شەڕی سارد لەو کاتیەوە تا وەکو ئێستا هەر خەریکی سارێژکردنی برینی خۆیەتی. پایەکی لە ئەمەریکایە، پایەکی لە ئەوروپایە. دەستەکی لە چینە دەستەکەی تری لە هیندستانە. دەبوایە تورکیاش وەک ئەوان ئاسا خەریکی خۆی بیت، خەریکی ئەوەوە بێت وەک ئەوانی تر ئاسا خۆی لە گەل ئەو وەزعە جیهانیە نوێیە بگونجێنێ. بەدبدختی تورکیا هەر نەمانی شەڕی سارد نەبوو بەلکو ڕاستەو خۆ بە دوایەوە شەڕی رۆژئاوا لە دژی عیراق رووی داو وەزعی ناوچەکە بە دوایەوە کەوتە بارێکی ترەوە. باجە گەورەکەی تورکیا لێرە بوو. بە هۆیەوە ئابووری زۆر بە فراوانی هاتە خوارێ، بزاڤێ سیاسی چەکداری کورد بە فراوانی تەشەنەی کرد، هێزەکانی عەولەمە یان ڕاستر بلێین کەمالیزم بە ڕاست و چەپەوە کەوتنە ناو قەیرانی سیاسی و ئابوری و حوکم. ئایین گەشەی کردو بە پرۆسیسی دیموکراتی هاتنە سەر حوکم وبە تەمای پێدرێژەی تریشن کە دامەزراوە کۆنەکان بە هی نوێ و لە بەرژەوندی خۆیان بگۆڕنەوە. لێرەدا پرسیارێ یان چەند پرسیار خۆی بە دەردەخا وەک بلێن باشە ولآتانی ناوچە، ولآتانی عەرەبی، ئەوروپا، ئەمەریکا، رووسیا، چین، هی تر لە گەل چ هێزێک لە تورکیا تەعامول بکەن لە گەل سوپا، دەسەلآت، دامەزراوە کەمالیزمیەکان، لە گەل کوێ. بە راستی باجە هەرە گەورەکەی کە تورکیا دەی دات جۆراوجۆری مەلبەندی بریار دانە. ئێمە پێشتر وەها لە تەعامولی سیاسی و هەر تەعامولێکی تر گەیشتیوین. کە ئەو هێزەی تەعامولی لە گەل دەکرێ ئەجنداو جۆری بیر کردنەوەو پێگەی سیاسی و دەسەلآتی و... دیار بێت. تورکیا لە شەڕی سارد یەکێک بوو لە هەموو ولآتانی ناوچەکە ئەوشتانەی تیادا زیاتر دیار بوو. بە نەمانێ شەڕی سارد، رێکاورێک دیاردەکان پێچەوانە بوونەوە.

لە هەمووی بەدبەخت تر بۆ تورکیا بە هەیبەتی کۆنیەوە دێتە پێشەوە. با نمونە بە کێشەی کورد بێنینەوە. تورکیا بەو ئەقلیەتە کار دەکات کە ئەوەی پێژدان لە دژە کورد بۆی دەچووە سەرێ و واشی دەزانی هەمووی لە بەر خۆی بووە. لەوە تێ ناگا، یان نایەوێ وخۆی لە گێلی دەدات کە ئەوە بزانێ کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلآودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوەی تورکیا لە سەر کێشەی کورد، قبرس و هی تر بۆی دەچووە سەرێ ئەمەریکاو ئەوروپا بوو کە ڕاستەو خۆ پشتیوانیان لێ دەکردو نەیان دەهێشت کورت بێنێ. خۆ ئەگەر تورکیا ئەوە بزانێ یان کە دەیزانێ بیدرکێنێ، نەک تەنیا لە سەر کێشەی کورد بەڵکو دەیان کێشەی تر، دەتوانێ لە ڕێگەیەوە ڕووناکاتیەک بەدی بکات و لە ڕێگای ئەوەی کە واقیعی کۆن بە نوێ گۆڕدراوە و دەبێ ئەوانیش واقیع بین بن و بە جورئەتەوە کاری لە گەڵدا بکەن

ئەوی لە تورکیا ئەمڕۆ تێبینی دەکرێ دابەشبوونیەتی بە سەر سێ نێوەندی سیاسی و دەسەڵات.

ڕ- حکومەت کە پارتی رەفا دەسەڵاتی ڕەهای تیایەو پێشبینیەکانیش وەها چاوەڕوان دەکرێ کە ئەو ڕەهای دەسەڵاتەیان لە هەڵبژاردنی داهاتوو زیاد بکات نەک کەم.

- ب- دامودەزگا عیلمانیەکان و دامەزراوە ئابووریەکان. ئەوەی کە زەمینەی بردنەوەی پارتی عەدالەو گەشەپێدانی لە هەڵبژاردنەکان بە رەها هێنایە پێشەوە، فەسادی ئیداری و قەیرانی سەختی ئابووری و قووڵبوونەوی تەنگو چەلەمە کۆمەڵایەتیەکان بوو. بەڵێ ئەمڕۆ هێزە عیلمانیەکان بە ڕاست و چەپ، بە لیبڕاڵ و چەپو سوسیال دیموکراتەکان لە ناو بازنەی هاتنە خوارەوی هەیبەتی سیاسیانە لە قازانجی تەیاری دینی. بە پێچەوانەوە پارتی عەدالەو گەشەپێدان سەرەڕای دژایەتی سوپاو دامەزراوە عیلمانیەکان بۆیان، سەرەڕای کێشەی کوردو داخوازیە سەختەکانی ئەوروپا لە مەڕ قبووڵکردنیان بۆ چوونە ناو یەکیەتی ئەوروپا و چەندەها کێشەی تر، بەڵام توانیویانە لە ماوەی نزیکی ئەو پێنج ساڵەی حوکمڕانیان بە سەر زۆر کۆسپو تەگەرە زاڵ بن لەوانە:

- پەرەسەندنی ئابوری تورکیاو ڕادەدانان لەو قەیرانە ئابووریەی کە پێشتر تێی کەوتبوون.

سندوقی بانقی جیهانی لە ڕاپۆرتێکی ئیشارەت بەوە دەدا کە تورکیا ئێستاکە لە ڕیزی بیستەمین وڵاتانی پەرەسەندوی جیهانیە و ماوەی حوکمڕانی حکومەتی ئەردۆغان پەرەسەندنێکی ئابووری فراوان لە تورکیا ئەنجام دراوە. ئێستاکە هەتا زۆر لە دامەزراو عیلمانیەکان و دامەزراوە سەرمایەدارە تورکەکان لە ڕێگای باش بوونی باریان زیاترمتمانە بە حکومەتی ئەردۆغان دەکەن نەک بە گەڕانەوەی دەسەڵاتی هێزەکانی عەولەمەی پێشتر. بەڵێ حکومەتی ئێستای دینی یان بەناو دینی وێڕای هەموو تەنگوچەلەمەکان، هەنگاوی باشی لە مەڕ پێشڤەچوونی تورکیا هاویشتووە. بە نسبەت کێشەی کوردیش ئەگەرچی هێشتا زۆر ناتەواوی پێوە دیارە، بەڵام ویستویانە دەروازەیەکی بۆ بکەنەوە. بە قەناعەتی خۆم ئەگەر تەوازنی سیاسی زیاتر لە تورکیا بەلای خۆیان دابکەوێتەوە، هەندەک پێشڤەچوون لە مەڕ کوردیشەوە دروست ببێت.

ج- سوپا: لە ماوەی نیو سەدەی ڕابووردوو سوپا چوار کودەتای سەربازی کردووە (1960، 1971، 1982، 1997) . بەشی هەرە زۆری ئەو کودەتا سەربازیانە دەرئەنجامی گەشەکردنی تەیاری دینی و نزیک بوونەوەیان یان گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیان بووە و هەر هەمووشیان بە موبارەکی ئەمەریکاوە بووە. کەچی ئێستاکە کە سوپا هەرەشەی کودەتای سەربازی لە پارتی عەدالەو گەشەپێدان دەکات هەم ئەمەریکاو هەم ئەوروپاو هەم هێزەکانی عەولەمەی تورکی دژیانن و زیاد لەوەش دەسەڵاتدارانی ئەمەریکی بە توندی بیانۆکانی سوپاو دەسەڵاتدارانی تورکیا کە دەیانەوێ بە ناوی لەناوبردنی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بێنە ناو خاکی عیراق ڕەتدەکەنەوە. بەڕاستی ئەوەی بەوردی خوێندنەوەی ئێستای تورکیا دەکا بەوە دەشوبهێنی کە کەمالیزم لە تورکیا بەرە هەڵوەشانەوەیە و ڕوونیشنیە کە هێزەکانی عەولەمەو کۆمەڵگای مەدەنی شوێنی دەگرێتەوە یان تەیاری دینی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیسان ئەگەر دامەزراوە سەربازیەکان هەر لە کۆنەوە بێنێ و ئەوە بڵێن کودەتای سەربازی ئەو جارەشیان دەبێتە پێنجەم و بۆیان وەک ئەمانی تر ئاسا بۆ دەچێتە سەرو لە ڕێگەیەوە دەتوانن تەیاری دینی پەڕوبار بکەن و نەیەڵن کەمالیزم لاری تێ بکەوێ و تەوازنی هەیبەتی دامەزراوە سەربازیەکان وەک پێشتر بپارێزن، بە قەناعەتی خۆم بە هەلە داچوون لە بەر کۆمەڵە هۆیەک، هەندێکیان لەوانە:

1_ئەمەریکا بە پێچەوانەی هەموو جارانی پێشوو ئەوروپاشی لە گەڵ، کودەتای سەربازی ڕەتدەکەنەوە.

2-وەختێ خۆی ئەتا تورک لە ڕێگەی بازاڕی ئازادو لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا گرنگی بە سەرمایەداری ناوخۆ دا و بە هۆیەوە چینێکی سەرمایەداری مام ناوەند بە فراوانی پێگەی خۆیان لە ناو دامەزراوە عیلمانیەکانی وولات چەسپاندو ڕۆڵیشیان پەیدا کرد لە پێناو لە سەرپێوەستانی عەولەمە لەو وڵاتە. یەکێ لە هەرە هۆکارەکانی لەدەستدانی حوکم لە لایەن دەسەڵاتدارانی پێشوو و بردنەوەی تەیاری دینی، قەیرانی سەختی ئابووری ئەو وڵاتەو بە فراوانی تەشەنەکردنی فەسادی ئیداری بوو. حکومەتی ئەردۆغان بە پێچەوانەی ئەوانەوە گرنگی دا بەو چینەو وای لێکردن ئەوەی لە دەستی فەرمانڕەواکانی پێشوو لە دەستیان دابوو لە ماوەی ئەو 4-5 ساڵەی حوکمی پارتی عەدالەو گەشەپێدان وەدەستی بهێننەوە و لە ڕێگەیەوە ئێستاکە ئەوان شانبەشانی هێزە دینیەکان پاڵپشتی لەو پارتە دەکەن و نیگەرانیش لە بەردەم هەر کودەتایەکی سەربازی و دڵنیاشم لە هەڵبژاردنی ئەو جارە بە فراوانی دەنگ بۆ ئەو پارتە ئایینیە دەدەن مادامەکینێ لە ڕێگەیانەوە دەسکەوتیان لێیەوە دەست کەوتووە.

3-پارتی عەدالەوگەشەپێدان بووەتە پارتێکی جەماوەری بەرفراوان و پێی خۆی لە ناو سوپاش کوتاوە، بە قەناعەتی خۆم لە ڕێگەیەوە بەشێکی فراوانی دامەزراوە سەربازیەکان ئامادەی ئەوە نابن چەکەکانیان بەروەڕووی ئەو پارتە ئایینیە بکەن و مەترسی ئەوەی لێدەکرێ ئەگەر هەر دەستێوەردانێکی سوپا لە دژیان ڕووبدات بەشێکی زۆری سوپا بە قازانجی حکومەتی ئەردۆغان هەلدەگەڕێتەوەو لەوانەیە نمونەی جمهوری ئیسلام لە تورکیا دووبارە بێتەوە.

4-چاودێرەسیاسی و لێکۆلەرەوان زیانی کودەتای سەربازی ئەو جارەی تورکیا بە زیاتر لە 100 ملیار دۆلار مەزندە دەکەن و لە ڕێگەیەو تورکیا زیاترلە20 ساڵ بەرەو دواوە دەبەن.

5- هەر کودەتایەکی سەربازی لە تورکیا ڕوو بدات بە دوایەوە هێزەکانی تیرۆریست دوو ئەوەندەی تر لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشە دەکەن و تورکیاش بە هۆیەوە دەبێتە مەڵبەندێکی تری بەهێزی تیرۆریستی لە ناوچەکە. بۆیە ئەمەریکا بە پلەی یەکەم لە دوای ئەوانیش ئەوروپا هەموو توانای خۆیان بۆ ئەوە بەگەر دەخەن کە کودەتای سەربازی لەو وڵاتە ڕوو نەدات.

6- مادامەکینێ مەدی ئیسلامی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێزەو، ئەو بەهێزیەش زیاتر ڕووی لە توندڕەوە ئیسلامیەکانە، لەو حالەتەدا کە پارتی عەدالەو گەشەپێدانی تورکی هەلوێستێکی دینی مامناوەندی گرتبێتە بەرو بیەوێ لە گەڵ هێزەکانی عەولەمەی تورکی خۆی ڕێک بخاو کۆسپ وتەگەرە دروست نەکا بۆ دامەزراوە عیلمانیەکان لە ڕێگەیەوە دەکەونە ناو بازنەی پێخۆشحالی بوونی ئەمەریکیەکان و ئەوروپیەکان و خوازیاری ئەوەنە ئەو نمونەیە وڵاتانی تری ئیسلامیش لە بابەت پاکستان و میسرو ئی تریش بگرێتەوە. کە گفتوگۆی ئەوروپیەکان و تورکیا لەمەڕ قبوڵکردنی تورکیا بۆ یەکیەتی ئەوروپا قبووڵ نەکراوە لە بەر ئەوە نیە کە ڕژێمی سیاسیان ئایینیە بەلکو لەبەر هۆکاری ترە لە سەروی هەموویانەوە پاش کێشەی کورد دەسەڵاتی فراوانی دامەزراوە سەربازیەکانە، ئەوروپیەکان پێیان وایە ئەو دەسەڵاتە فراوانەی سوپاو دەستتێوەردانی لە کاروباری دەولەتەوە لە ڕێگەیەوە سیستەمی دیموکراتی لە تورکیا بەرەو مەترسی دەبات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-6-2007 19:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

زۆر لە لێکۆلەرەوە سیاسیەکان تەوازنی سیاسی لە تورکیا بە لای پارتی عەدالەوگەشەپێدان دەبەنەوە نەک بۆ دامەزراوە سەربازیەکان و دەسەڵاتی سیاسی کۆن و بە هۆشیەوە واتە ئەگەر سوپا لە توانای نەبێت کودەتای سەربازی بکات بە دوایەوە ڕۆژبەڕۆژ هەیبەتیان لە قازانجی حکومەت دێتە خوارەوەو بە دوایەوە سوپاش دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ئێستا. بە کورتیەکەی ئەو ڕیوشوێنانەی کە کەمالیزم لە تورکیا گرتیە بەرو بەرهەمەکەی واکەوتەوە کە کەمالیزم لە تورکیا گەشاوە بێت ئێستا دینیەکان بە هەمان سیاسەت دەیانەوێ جێپێشوێنی کەمالیزم لەق بکەن و خۆیان شوێنی بگرنەوە.

بەڵام ئەو پرسیارەی کە خۆی قیت دەکاتەوە ئایندەی تورکیایە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو پارتە دینیە. ئایا ئەو هەنگاوە نەرمانەی ئەو پارتە ئایینیە مەبدەئیەو تا سەرە یان ئەوەتا هەتا ئەو شوێنە بڕ دەکا کە بە هۆیەوە نەیارەکانیان لە گۆڕەپانەکە وەدەرنێن و بە دوایەوە دەسەڵاتی دینی یان دکتاتۆریەتی پارتی خۆیان بە سەر هەموو دامو دەزگا تورکیەکان بسەپێنن. وەیاخود ئایا سیستەمی دیموکراتی لە تورکیا لە ژێر دەسەڵاتی ئەو پارتە دینیە هەر بە قەدەر کەمالیزم ڕەت دەکات واتە بە دیوی دینی درێژە بەدەسەڵاتی کۆنینەی خۆیان بدەن. بە قەناعەتی خۆم یەکێ لە هەرە هۆکارەکانی کورتهێنانی کەمالیزم لە تورکیا بیرۆکەی بان تورکی بوو واتە تەنیا هاوڵاتی تورکی خاوەن مافە و ئەوانی تر ئەگەر بیانەوێ بە ئازادانە لە تورکیا بژین دەبێ خۆیان تورک نووس کەن. من ڕەشبین نیم بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی لەمەو دوای تورکیا، لە سەر کێشەی کورد و وا مەزندە دەکەم ئەگەر سوپا دەسەڵاتی جارانی نەمینێت و بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتەوە لە سەر کێشەی کوردیش هەندەك پێشقەچوون بکرێ وە ئەگەر بشگۆترێ حکومەتی ئێستاش بەرامبەر بە کێشەی کورد توندە بە قەناعەتی خۆم زۆری لە بەر سوپاو هەندێ موقەدەساتی کەمالیزمە. کە کەمالیزمیش کەتە لەقە، بە دوایەوە ئەو موقەدەساتەش لە گەڵ خۆی پاڵ دەدا. بە پێچەوانەوە بە دوایەوە تێکڕای هێزە سیایەکانی تورکیا خۆیان دەدەنە پاڵ ئەوەی کە زۆرترین متمانەی کوردو نەتەوەکانی ناتورک وەدەست بهێنن تا لە هەلبژاردنەکان ببەنەوە. گرنگ ئەوەیە سیاسەتی لەمەو دوای تورکیا دەبێ بە پێوەری خۆیان و هێزی خۆیان بێت نەک لە ڕێگای دەرەوە.

2007/ 06 /06 /بەریتانیا/

yahoo@mahdikawani .co .uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.